United Nations الأمم المتحدة

Office of the Deputy Special Representative of the United Nations Secretary-General for Iraq/Resident Coordinator and the Humanitarian Coordinator for Iraq

مكتب نائبة الممثل الخاص للأمين العام للأمم المتحدة في العراق/ منسقة الشؤون الإنسانية والمنسقة المقيمة في العراق

**نەتەوە یەکگرتوەکان لە گەڵ بەخشەرەکان کۆدەبێتەوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ستراتیژی گەشەپێدان بۆ عێراق**

**بەغداد, نۆفێمبەری 23, 2021 -** کۆبونەوەیەکی ئاست بەرز لە نێوان نەتەوە یەکگرتوەکان و بەخشەرە نێودەوڵەتیەکان ئەنجام درا بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ستراتیژی گەشەپێدانی نوێ ی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ عێراق. کۆبونەوەکە تایبەت بوو بە چوارچێوەی هاریکاری گەشەپێدانی درێژخایەنی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ساڵانی 202-2024 کە لە مانگی سێپتەمبەر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئیمزا کراوە.

خاتوو ئیرینا فۆلجاکۆفا سۆلۆرانۆ, جێگری نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان کەلەهەمان کاتدا ڕێکخەری نیشتەجێی کاروباری مرۆیی نەتەوە یەکگرتوەکانە و  نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتوەکانی کرد لەو کۆبونەوەدا. هەروەها بە ئامادەبوونی نوێنەرانی تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکان (یو ئێن سی تی) لە عێراق, کە پێ: هاتووە لە 22 ئاژانس و فەند و پرۆگرامەکان. چەندین سەفیر و نوێنەری ئاست بەرزی سەفارەتەانی عێراق نوێنەرایەتی کۆمەڵگای بەخشەرەکانیان کرد لە عێراق و لەوانەش ئوستراليل و بەلجیکا و کەنەدا و دانیمارک و یەکێتی ئەوروپا و ئەڵمانیا و ئیتالیا و هۆڵەندا و فینلەندا و  ڕۆمانیا و سوید و شانشینی یەکگرتوی بەریتانیا و وێلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

خاتوو ئیرینا فۆجاکۆفا  -سۆلۆرانۆ ڕایگەیاند :  ئێستا کاتی ئەوەیە کە پێکەوە کۆببینەوە بۆ  هاوکاریکردنی و بەهێز.کردنی عێراق و ڕزگارکردنی وڵاتەکە لە دوای قەیارنەکانی وەک پەتاکە, بەدەستهێنانی چارەسەری درێژخایەن بۆ پرسی ئاوارەبوون و خێراکردنی بەرەوپێشچوونەکانی بەدەست هێنانی ئامانجە درێژخایەنەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و زامنکردنی کۆمەڵگایەکی ئاشتی و خۆشگوزەران بۆ  هەموو عێراقیەکان. پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵگای عێراق بۆ سوودوەرگرتن  هەموو سەرچاوەکان و  ژێرخانەکان و بەدی هێنانی ئامانجە درێژخایەنەکان کۆبونەوە.

هەر لەوکۆبونەوەیەدا ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان تیشکیان خستە سەر دەستیوەردانە سەرەکیەکان و هەوڵەکانی هاریکاریکردنی عێراق و ئەولەویەتەکانی گەشەپیدان و پیداویستیەکانی عیراق تا ساڵی ٢٠٢٤ و باسکردنی ڕۆڵی گرنگی بەخشەرەکان لە هاریکاریکردنی ئەم هەولە پیکەوەییە .

بۆزانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە مستەر. براین ماو، ئەفسەری باڵای هەماهەنگی گەشەپیدان لە ئۆفیسی ڕیکخەری گشتی نیشتەجێ.
mau@un.org